

# ناسنامەی رێبازێکی خۆبەدەستەوەدەرانە

## بەشی دووەم:

## نوێخوازانی دوینێو ئەمڕۆ

ئەیوب ئەیوبزادە

سێ ساڵ لەمەوبەر دەسپێکی"کاری حیزبی دێموکراتی کوردستان" بە هێنانەگۆڕی کۆمەڵێک چەمکی زانستیی و سیاسیی چاوی بە دونیای روون پشکووت. کۆمەڵە چەمکێکی وەک "ریفۆرمو چاکسازی، نوێ بوونەوەو نویخوازی، عەقلی رەخنەگرانەو سەردەمیانە" لە ریزی ئەو واتایەنە بوون کە رۆژانە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم لایەنەی پێ دەڕازایەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەش، ئیددیعای نواندنی سیاسەتێکی تۆخی ناسیۆنالیستیو بەربەرەکانی لەگەڵ بیرو ریبازی ئێرانچێتیش بە توندوتۆڵی خرابووە نێو تەبلیغاتو راوێژی سیاسیی حیزبی دێموکراتی "کوردستان" ەوە. بەلاّم ئەو وێنەیە هەر ئەو کاتەش پتر لە دەمامکێکی هەڵخەڵەتێنەر بۆ بازاڕگەرمیی سیاسیی شتێکی زیاتر نەبوو. دیوی نێوەوەی ئەم دیمەنە هەر لەیەکەم رۆژەکانی دەسپێکییەوە بەئاشکرا چەواشەگەری پیوەدیار بوو. چونکە هیچ کات شیکردنەوەی بابەتیانەی ئەم چەمکانە نەخرایە دەستووری کارەوەو روون نەکرایەوە کە مەبەستیان لە "چەمکی نوێخوازیو نوێبوونەوەو عەقلی رەخنەگرانەی سەردەمییانە"چیە؟ سنوورەکانی عەقلی رەخنەگرانەو هەوڵەکانی نوێبونەوە لە کوێ را دەست پێ دەکاتو لەکوێدا دەگیرسێنەوە. لەوانەش گرینگتر بەرزکردنەوەی ئەم چەمکانە قەرارە لە چ بەستێنێکدا لەگەڵ ئەدەبیاتو رێبازی سیاسی ئەوان تێکەڵ بێ و شوناسی سیاسی ئەوان لە چ بوارگەلێکدا دەبێ خزمایەتی لەگەڵ ئەو رەهەندە هزریانە وەدۆزرێ؟

لە پێوەندی لەگەڵ دژایەیی رێبازو بیری ئێرانچێتیو لاکردنەوەی پتر لە گوتاری نەتەوەخوازییش هەر بە هەمان شێوە هەڵسو کەوت کرا. لە درێژایی ئەو چەند ساڵەدا روون نەکرایەوە بیرو رێبازی ئێرانچێتی لە چ سیاسەتو رێبازێکدا دەناسرێتەوەو مەبەست لە ئێرانچیتی دەبێ چی بێ؟ لە ناوەندی سیاسەتی ئەم حیزبەدا سنووری نێوان ئێرانچێتیو رێبازێکی نەتەوەیی چۆن دەبێ دیاری بکرێ؟ لەوانەش بترازێ لە ژێر سێبەری ئەم باسانە ستراتیژی ئەوان لە کوێدا دەبێ بە چاوی رەخنەگرانە لە رابردوو بڕوانێو ئەو ستراتیژیە لە ئێستادا دەبێ خۆی لە چی دا پێناسە بکات؟

نەبوونی وڵامێکی ڕوون بۆ کەسانێک کە لەرابردووی ئەوان ئاگادار بوون دەبووە جێگای لێپرینگانەوە،بەلاّم بۆ ئەو کەسانەی کە بیرکەرەوەو گەلاڵەدارێژەری ئەم مژارانە بوون مەسەلەکە راست بەپێچەوانە بوو. لە ژێر سێبەری ئەو دروشمانە دەرەتانێک پێک هاتبوو بۆ قەبلاندنی هەموو جۆرە سیاسەتێک لە نێو ریزەکانیاندا. تۆ دەتتوانی لەژێر دەمامکی ئەم چەمکە گشتییانە جێگاو ڕێگای حاوانەوە و داڵدەدانی هەموو جۆرە لاڕێیەک وەدۆزی. لەژێر دەمامکی عەقلی سەردەمیانەو نوێخوازیدا خۆ لە قەرەی هەموو وڵامێک بدەی. لەنێوەڕیدا ئەگەر لەگەڵ گرفتێکیش بەرەروو بووی، بێ هیچ شڵەژانێک خۆی لێ بێخاوەن بکەی. رەنگی سیاسەتەکەت لە هەموو رەنگێک بچێو لەهەمان کاتیشدا لە هیچ ڕەنگێکیش نەچێ. لای نوێخوازێکی دووی خوردادیی، بێ هیچ وەپاشکەوتنێک لە رەهەندەکانی نوێخوازی بدوێیو باسی عەقلی سەردەمو خەباتی مەدەنی بکەی. بۆ حەسرەتی بەشداری لە مەجلیسی ئیسلامی لە چۆکی خۆت بدەی، بەلاّم لە عەینی کاتیش دا لە لای نەتەوەخوازیکی کوردیش لەگەڵ دروشمی دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان ملی رێگە بگری. ئەم حیزبەی کە لە یەکەم رۆژی

لەدایکبوونی‌یەوە بۆ دەسەڵاتو سەروەری بۆ نەتەوە خەباتی کردووە، بە ئانقەست بە" حیزبی مەدەنی" پێناسە بکەی! لەگەڵ هەمو ئەوانە هونەری ئەوەشت هەبێ لە ژێر ڕەشماڵی نوێخوازی‌و عەقڵی ڕەخنەگرانە وەیشاری.

## یەکەم چەخماخەی نوێخوازی

ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار لەگەڵ یەکەم ڕۆژی لەت بوونی حیزبی دیمۆکرات  دەرگای لەسەر گازەرای پشت بۆ ئەم جۆرە سیاسەتە کردەوە، عەبدوللا حەسەنزادە بوو. لە کۆنفرانسێکی چاپەمنیدا لە شاری هەولێر، بە بەرچاوی دەیان کامێرای ڕۆژنامەنووسانەوە "سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵات" چووە پشتی تریبون بۆ زیندووکردنەوەی کۆماری کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی‌مراند و لەتکە حیزبێکی نوێی بە ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە جێدانا. لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر لایەنگرانی تینوی نوێبوونەوە بە چاوەڕوانی نەیهێڵێتەوە، مانیفیستی نویخوازیی خۆی‌و حیزبەکەی لەو چەند دێڕەی خوارەوەدا ڕاگەیاند:

"ئەو ئەفکارەی کە قازی هێنای پێشکەوتووترین بیری سەردەم بوو، بەلام کۆن دەبێ. ئەوەی قاسملوو هێناویەتی کاتی خۆی باش بوو، بەڵام مابا دەیگۆڕی. کەوابوو نابێ هەر بەدوای ئەوە بکەوین. دەبێ شت بگۆڕین. ئەوان خۆیان مابان دەیانگۆڕین. تەنانەت ئەو فیکرەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابان، نابێ دەوڵەمەند بکرێن؟ نابێ شتی دیکەشیان بخریتە سەر بۆ؟" بروانە کوردستان ژمارە 452 ژانویەی 2007 عبداللە حەسەنزادە لەبەردەم پرسیاری ڕۆژنامەنووساندا."

ئەگەر لە زێدی سەرهەڵدانو گەشەکردنی چەمکەکانی نویخوازی‌و نوێبوونەوە، هەرکام لەوانە لە کاتی شرۆڤە کردنیان خۆ لە قوولترین بەیانی فەلسەفی‌و هزری دا دەبیننەوە، ئەگەر لە جیهانی پێشکەوتوودا بۆ ریکخستنی پەیوەندیی نیوان نەوەکانی رابردوو، ئێستاو سبەینێ بەدەیان دەزگای کارامەو ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستی‌و ئاکادمیک بونیاد دەنرێ، لە نەگبەتیی کورد لە وڵاتەکەی ئێمە ئەم بابەتانە لەلایەن کەسێکەوە دەورووژێنرێن کە لە هەموو ژیانی دا نە لاپەڕەیەکی لە نویخوازی خوێندۆتەوەو نە دەزانێ نوێخوازی بەری چ دارێکە. ئەگەر لە ڕۆژئاوا نویخوازی وەک بیرێکی نوێ و جۆری ڕوانینو هەڵوێست گرتن لە فیکر، لە کۆمەڵگاو ئینسان بە پشت بەستن بە عەقڵی مرۆڤ بۆ گۆڕان لە سروشتو کۆمەڵ دێتە کایەوە، لە ولاتی ئیمەدا بەر لە هەر شت مانای ڕاستەقینەی ئەم چەمکانە چەواشە دەکرێنو دەخرێنە نێو  قاوغیکی بەتاڵ بۆ کێبەرکێ‌و خۆڕانان لە گەمەی سیاسییدا.

جۆری زمانی دەربڕین لە نوێخوازیی مامۆستادا زمانێکی نهێنیی‌کارانەیە. لە چێشتی مجێوری مامۆستا هەژاردا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە بەوچەشنە زمانە دەکری: لەگەڵ زەبیحی دووبەدوو زمانێکمان دروست کرد. کە تێک دەگەیشتین‌و کەس تێمان نەدەگەیشت.

هونەری ئەو زمانەی سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵاتیش لە پەیوەندی بە بیرەکۆنەکەی پێشەواو قاسملوو ونوێکردنەوەکەی سیاسەتمەدار، لێرەدا ئەوەیە جگە لە خۆی‌و چەند کەسێکی تر لە هاوبیرانی کەس نەیدەتوانی وەک ئەورۆ زەفەر بە سیحری ڕازی دڵی ببا. ئەو هونەرە تا ئەو ڕادەیەیە کە دەتوانێ لە یەک کاتدا خۆی لە چەند پوزیسیۆنی جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بە یەکدا نیشان بدا. لە لایەک پیی هەڵدەڵێ‌و بە پێشکەوتنی بیری سەردەمی ناو دەبا. ئەوە یەک. پاشان دەڵێ ئەو بیرە کۆن دەبێ، لە ڕاستیدا دەیهەوی بڵی کۆن بووە. ئەمە دوو. ئینجا لە هەمانکاتیشدا ئەرکی پاریزەریی ئیدەی پێشەواو دوکتور قاسملوش دەگرێتە ئەستۆو دەڵێ ئەگەر بۆخۆشیان مابان بیرەکەیان دەگۆڕی. گەلۆ جگە لە سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵات، کام سیاسەتمەدارێکی تازەکار ئاوا دەتوانی لە یەک کاتی دیاریکراودا ئەو هەمووە ڕۆڵە وەئەستۆ بگرێ؟ لە دوای هەمووی ئەوانەش هەوڵی قۆستنەوەی ڕۆڵێکی دیکەش بدات. ئەویش ڕۆلی قوتابی بوونە. لە لایەک خۆی بە قوتابی پیشەواو دوکتور قاسملو دەناسێنێ، کەچی لەهەمان کاتدا باس لە کۆن بوونی بیری مامۆستاکانی دەکات. ڕوون نییە قوتابی‌یەک

که بەو پلەیە لە گەشەی عەقلیو فیکری خۆی گەیوە، کە نە تەنیا شکو گومان بخاتە سەر بیری مامۆستاکانی بەڵکوو حوکمی کۆن بوونیشیان بۆ بدا. ئەو کەسە چۆن دەتوانێ لە ڕیزی قوتابی بژمێردرێ؟ پیوەندی نێوان قوتابیو مامۆستا لەو بەستێنە دا پەیوەندییەکی یەکلایەنەیە. ئەوە هەر قوتابییە لە بیرو هزری مامۆستا هەڵدەهێنجی. ئەورۆژەی قوتابییەک حوکمی کۆن بوونی وانەکانی مامۆستاکانی دەدا، ئیتر لەو رۆژەوە نابێ باس لە قوتابی بوونی خۆی بکا. لەبەر ئەوە مامۆستا بە تێگەیشتن لەو راستییە نازناوی سیاسەتمەداری رۆژهەڵاتی بۆخۆی داناوە. بەڵام سیاسەتمەداری رۆژهەڵات بوون خۆی گرفتێکی دیکە دەخولقێنێ. مەعلووم نییە کە مەبەست لە رۆژهەڵات کوێیە؟ چین و ماچین و هیند و ویتنام و ئەندونێزیی و ئەفغانستان و پاکستانە یان یان ئەو دوو وڵاتە،وەپاشکەوتووە لێ وەلابەرین؟

سیاسەتمەداری رۆژهەڵات لە رواڵەتدا دەیهەوێ بڵێ گۆران لە بیرو ژیانی سیاسی دا کارێکی پێویستە. بەڵام بۆ دەربرینی ئەم مەسەلە سەرەتایییە تارماییو گومان دەخاتە سەر بیرو رێبازی دوو سەرکردەی مێژوویی و هاوچەرخی کورد. بۆ وێنە دەڵێ: "ئەو ئەفکارەی کە قازی هێناویە، پێشکەوتووترین بیری سەردەم بووە، بەڵام کۆن دەبێ". بە دانستە هەر لەو دێڕەو لەم چەند پیتە دا دوو مەبەستی ناڕەوا دەردەبڕێ. چونکە نە زەحمەتی ئەوە بەخۆی دەدا لە چەند دێڕێکیش دابووبێ لە شوناسی بیری پێشەوا بدوێو روونی کاتەوە کە مەبەستی لە بیری پێشەوا چییە کە کۆن بووە و نە دەستنیشانی ئەوەش دەکات لە کوێدا ئەو ئەفکارەی پێشەوا کۆن دەبێو دەبێ بگۆڕدرێ.

لە جیهانی تیئۆرىدا هێندێک ئوسوولو پرەنسیپ هەیە کە نەگۆڕن. گۆڕانی ئەمانە وەختێکە کە چی تر لە جیی خۆیاندا نەبن. لە کاتێکی وا دا پیویست دەکا مرۆڤ هەوڵی ئەوە بدا لە جێی خۆیاندابنێ. بۆ وێنە مافی دیاری کردنی چارەنووس، پرەنسیپو ئەسڵێکی نەگۆڕە. کاتێک گەلێک لێی بێبەش بکرێ، گۆڕان لێرەدا بەو مانایەی کە دەبێ ئەو ئەسڵە تونا کراوە بێتەوە سەر جێی خۆی. ئەگەر کورد خوازیاری ئەوەیە بە مافی چارەنووسی خۆی بگا، گۆڕان کاتێکە کە ئەو گەلە بەو مافە گەییبێ، گۆڕان لێرەدا نابێ بە مانای کەمو زیاد کردنی ئەو پرەنسیپە بێت. بەڵام زەینی تێکدەری ئوسوولو بنەمای سیاسی– حقووقی جیهانی سیاسەتمەداری رۆژهەڵات ئەو سەرەتا هەڵەیە بۆیە دێنێ کە ئاکامی بە هەڵەی لێوەربگرێ. لە عەینی کاتدا بەدیلی هەڵەی خۆی بە ئیعتیباری کەسایەتی پێشەوا لە ژێر دەمامکی نوێخوازیدا بشارێتەوە. کەڵک وەرگرتنو بە بنەما وەرگرتنی سیاسەتمەداری رۆژهەڵات لەو هەموو ئەمماو ئەگەرانەی لە مێژوودا باسیان دەکا لەجیی خۆیدا نیە. مێژوو ئەوەیە کە رووی داوەو ناگۆڕدرێ. هێنانی ئەمماو ئەگەر بۆ خوێندنەوەی ئەوەی کە لە مێژوودا روویداوە، کارێکی نەزانستییەو تەنیا بۆ مەبەستێکی شاراوەی سیاسییە.

بیری پێشەوا، بیری بەدەوڵەت بوونی کوردو بنیات نانی ماڵێک بۆ کورد بوو. بیری ئەوە بوو وڵاتێک لە داگیرکراویی و نەتەوەیەک لە ژێردەستیی رزگار بکا. گەلۆ پرسیار ئەوەیە ئەو بیرە دەبێ لە کوێدا کۆن بوبێو یا بەرەو کۆن بوون مل بنێ! جۆری بیری پێشەوا لەگەڵ جۆری داهێنەرێک کە بۆ یەکەم جار گەسکی کارەبایی داهێناوە فەرقو جیاوازی هەیە. تۆ دەتوانی لێرەدا بیر لە جۆراوجۆری و شکڵ و خێرایی ئەو کەرەسەیە بکەیەوە. بەلام بنەماو رەهەندەکانی بیری پێشەوا خۆ لە پانتایی جیهانێکی دیکەدا دەبیننەوە. تا ئەو کاتەی کورد بەژێر دەستەیی لە نیشتمانی خۆیدا بژی میراتی فیکریی پێشەوا هەمیشە زیندوو نەمرە. هەمیشە جێگای ئیلهام لێوەرگرتنو چرای رێگای تێکۆشانە. راست لێرەدا، سیاسەتمەداری رۆژهەڵاتیش بۆ ئەوەی خۆی لە حاند رەخنەو گازەندەیەکی لەم جۆرەدا نەبینێتەوە، گورجو لەنەکاو راوێژی دەگۆڕێو بە خشکەیی" کۆن بوون"، جێگای خۆی دەدا بە دەوڵەمەند کردن و دەڵێ: "تەنانەت ئەو فکرەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابان، نابێ دەوڵەمەند بکرێن؟ نابێ شتی دیکەشیان بخرێنە سەر بۆ؟" بە هۆی ئەو دوو رستەیەشەوە لە چەند چرکەیەک دا دوو جۆر لایەنی دژبەر قایل دەبێو تێکدەخرێن. لە لایەک ئەوانەی نوێخوازی لە کۆن بوون و مالاوایی کردن لە بیری پێشەوادا دەبیننەوە، بە هێنانی ئەو رستەیە بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. بەلام لە هەمان کاتیش دا بە هێنانی

"دەوڵەمەند کردن"ی بیری پێشوا، ئەو بیرۆکەیە لای مرۆڤی کورد بەهێز دەکا کە ئەگەر پێشەوا لە ماوەی ژیانی سیاسی دا تەنیا توانی کۆمارێک بۆ بەشێک لە نەتەوەکەی چێ بکات، ئەوا سیاسەتمەداری رۆژهەلات لە بیری ئەوە دایە لە رێگای دەوڵەمەند کردنی بیری پێشەواوە کیانێکی گشتگری کوردی بۆ هەموو کورد بنیات بنێ. بە کورتی بڵێین هەر لەو کاتەوە کە یەکەم چەخماخەی نویخوازی لە شاری هەولیر لێدرا تا وتوویژەکەی خالید عەزیزی لەگەڵ "رووداو" بەرێوەبەرانی ئەو حیزبە دەیانتوانی بە هاسانی لەژێر ناوی نوێخوازیو نوێبوونەوە لە هەموو جۆرە سیاسەتێک بدوێن. بە گوێرەی کاتو لە هەر سەردەمێکدا رێبازو سیاسەتی خۆیان لە بیچمێکدا وەپێچن. لەلایەک لە کۆن بوونی بیری پێشەوا بدوێن و لە هەمان کاتیشدا لە دەوڵەمەند کردنی. ئەوەیە نوێخوازی لەبیرۆکەی نوێخوازانی سەردەمدا.

## وەرزێکی تر لە تەمەنی نوێخوازان

لێرە دا مەبەست لە وەرزێکی تری تەمەنی سیاسیی نوێخوازان کۆنگرەی چواردەهەمی ئەو حیزبەیە. بۆ نویخوازان دەسپێکی ئەو وەرزە کە بە کۆنگرەی چواردەهەم دەستی پیکرد، تا وتوویژەکەی خالیدی عەزیزی لەگەڵ "رووداو" بە خۆشترین سەردەمی تەمەنی سیاسی نویخوازان دەژمێردرێ. ریکلامی تۆخی نەتەوەیی، خۆرانان، خۆشاردنەوە لە ژێر کۆمەڵێک چەمکی گشتیدا مەیدانێکی کراوەی بۆ مانۆردان لەبەردەمدا کردبوونەوە.لە کۆنفرانسەچاپەمەنییەکەی شاری هەولێر "سیاسەتمەداری رۆژهەلات" لە بنچینەکانی نویخوازی دوابووا!! لە چەند دێڕی دیماگۆگیانەدا بەڵێنی ئەوەی دابوو بیری پێشەواو دوکتور قاسملو لەبەر کۆن بوون گۆڕانی تیدا پیک دێنێ. بەڵێنی درا ژیانی سیاسی ئەو حیزبە نوێ بکرێتەوەو هەستێکی  نەتەوەیی تۆخ بخرێتە لەشی  ئەو حیزبەوە. لەو رێگایەش دا دەکەونە ململانایەکی توند بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ بیرو رێبازی ئێرانچیتی. لەو کاتەدا خەڵکانیکی زۆر بە چاوەڕوانیەکی واوە لە کەمپی نوێخوازان بێ راوەستان ناونووسیان کرد. لەگەڵ رەوتێک بەناوی رەوتی ریفۆرم کەوتە دانوساندنو گفتوگۆوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە لە دەرەوەی ئەو حیزبەش بۆ دروشمی نویخوازی هێندێک کڕیاری تریش پەیدا بوون. کۆمەڵێک کەسایەتی لە بەیانییەکدا پشتیوانیان لە رەوتی نوێخوازی کرد، هێندەی پی نەچوو ئەندامانی کوردیشە پلاتفۆرمیش بۆ وەدیهاتنی "سەروەری نەتەوەی!" بە پەلەو بە راکردن لە بەرەی نوێخوازاندا خۆیان دەرخست.

ئەو هەمووە وەعدەو بەڵێنیانە چۆن دەکرا بێ وەڵام بمێننەوە؟ چۆن دەکرا هەر لە ئاستی چەند دروشمی بریقەدار دا قسە لە نویخوازی کرابا؟ کۆنگرەی چاردەهەم  کاتی وەڵام دانەوە بەو  هیوایانە بووا! ئەو خەتە سیاسییەی کە ئیستا  خالیدعەزیزی لێی دەدوێ لە کوی دەیتوانی ئەو کاتە کاروانێکی ئاوا لە نوێخوازان وەرێ بخا؟ بۆ بەندی 15و وەرگرتنی ئازادی فەعالییەتی سیاسی لە چوارچیوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا کی حازر بوو لە کۆنفرانسەکانی پێش ئەو کۆنگرەیە کێبەرکێی بەشدار بوون بکاو لیرەو لەوێوە ملی ڕێگای بۆ بگرێ؟

ساڵی پار کۆمەلیک لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە گەڕانەوە بۆ قوولایی وڵات. تۆ بڵیی ئەگەر ئەو گیان لەسەر دەستانە زانیبایان ئەورۆ کەسێکی وەک خالیدی عەزیزییان لی پەیدا دەبێو چەکی دەستی ئەوانو شیوەی خەباتی رابردووی هاورێیانی ئەوان بە سەرێشە ناو دەبا، حازر دەبوون ژیانی بۆ بەخت بکەن؟ ئەی ئەو هەمووە سەدان شەهیدەی دیکە چی؟ لەسەردەمی خۆی لەو حیزبەدا خەباتی چەکدارانە وەک خەباتی دیفاع لە مانو مەوجودییەتی نەتەوەیەک پیناسەدەکرا. چەکو دیفاعی رەوا، بەشێک بوو لە ناسنامەی نەتەوەیەکی هەرەشە لێکراو، بۆ مانەوەو خۆپاراستن، بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ داگیرکەر. ئەو شێوە خەباتە ئەگەر ئەورۆ بۆ زیهنییەتێکی تەسلیمتەلەبانە تەنیا بە سەرێشە بۆ ریژیم بەحیساب دێ، بۆ کورد ئەو شیوە خەباتە رەمزی مانەوە بووەو هەیە. نەتەوەیەک بیهەوێ لە مانو مەوجوودییەتی خۆی دیفاع بکا، هەموو جۆرە دەستکردنەوەیەکی بۆ رەوایە. هەموو ئەوانە لێرەدا پرسیارن و ورووژاندنی پرسیاریش تاوان نیە. زۆر جاری

وایە لە ڕێگای وررووژاندنی پرسیاری لەو جۆرەوە مرۆڤ هەست بە قووڵایی ئەو کارەساتە دەکا کە ئەورۆ بە ناوی نوێخوازیو عەقڵی سەردەم، ڕێبازی نەتەوەیی پی لە خشتە دەبردرێ. لە باری ڕەوانیەوە دەیڕووخێنێ. هەموو ڕێگایەکی لی دەگری. بۆ ئەم هەڵتەکاندنەش کامە چەک دەتوانێ لەوە کاریگەرتر بێ ڕابردووی تێکۆشەرانی کورد چێوەخرتە بدا؟ بە بێنرخ کردنی ئەو ڕابردووە هەموو هیوایەک لە ئینسانی کورد دەستێندرێ. ئەو کاتەی خەتیکی ڕەش بە ڕابردوودا دەکێشرێ، هەموو گیانێکی بەرەنگاربوونەوە لە ئیستاو داهاتووی رۆڵەکانی نەتەوە دا دەکوژرێ! کام ئینسانی ژیرو عاقڵ حازرە گیانی خۆی لە ڕیگایەکدا بەخت کا کە دوایە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا بە سەرێشە پیناسە بکرێ؟

هەموو وریایی و کارامەیی نویخوازان لەو کاتەدا لەوە دابوو ئەو سیاسەتەی ئیستایان لە بەشدارانی کۆنگرە بشارنەوە و تاکتێکێکی هەتا بڵێی ژیرانەیان بۆ ئەو کۆنگرەیە بەکار هێنا. ئەگەر تا ماویەک لەمەوبەر عەبدوللا حەسەنزادە ترسو خۆفی دەخستە نێو دڵی ئینسانی کوردە وەیکوت: "کردها باید بسیار بی سیاست باشند کە بخواهند کە از یک کشور بزرگ و پر خیر و برکت مانند ایران جدا شوند و یک حکومت کوچولوی منزوی در دنیا تشکیل بدهند، کە در واقع نە اقتصادی شکوفا داشتە باشد، نە روابط بین المللی خوبی با دیگر کشورها داشتە باشد نە تجارت (پر رونق) داشتە باشد..." لەپڕ لە هێڵە گشتییەکان دا لە ڕەنگێکی دیکە دا خۆی دەبینێتەوەو ئەو جار باس لە شکاندنی ترس لە جیابوونەوەخوازی دەکا، لە یەک خستنوەی خاک دەدوێ. نە تەنیا بە جیابوونەوەی کورد لە ئێران بەلکوو بە زەحمەت لە جیابوونەوەی هەموو کوردی پارچەکانی تر بۆ ڕزگاری لە داگیرکەرقایل دەبێ. لەم بارەوە لە هێڵە گشتییەکانی ئەو حیزبەدا نووسرابوو: کوردستان یەک وڵاتەو کورد یەک نەتەوەیە، دابەشکراوە. بۆیە پیویستە ترس لە تۆمەتی جودایی خوازی بشکیندرێو نەک هەر زەمینەی فیکری بۆ یەکگرتنەوەی خاکو نەتەوە لە دواڕۆژدا برەخسیندرێ، بەڵکوو لە باری سیاسیو دیپلۆماسیشەوە کاری بۆ بکرێو پشتیوانی بۆ ڕابکیشری. (بڕوانە هێڵە گشتیەکانی ڕیبازی ئێمە. کوردستانی ژمارە 450).

هەر لە درێژەی تۆخ کردنی ڕێکلامی سیاسی بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم حیزبەدا کەڵک لە قوڵترین دەستەواژەی ناسیۆنالیستیش وەردەگیرێ. ئەم دەستەواژەیەش بەکارهێنانی واتای ڕۆژهەلاتی کوردستانە لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا. تا ئەو کاتە بەشیوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێمۆکراتدا کەڵک لە دەستەواژەی کوردستانی ئێران وەردەگیرا. بەڵام بە هێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ نێو بەرنامەی ئەم حزیبە بەر لە هەموو شتێک کورد وەک یەک نەتەوەو یەک نیشتمانی سەربەخۆو لێک جیانەکراوە پێناسە دەکرێ. بە تێکەڵ بوونی ئەم دەستەواژەیە بۆ نێو بەرنامەی ئەم حیزبە دابەشکراوییو داگیرکراویی نەتەوەیەک دەدرێتە دواوە. لە هەمان کاتیشدا لە ڕێگای ئەم واتایەوە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، خۆ لە خانەی داگیرکەر دا دەبیننەوەو لە کورد وەک بوونێکی سەربەخۆ قسە دەکرێ. هەر لە درێژەی ئەو خوێندنەوەیەدا ناسنامەی نەتەوەییش خۆ لە پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیدا دەکا. زۆرە ناسنامەی داسەپاو دخریتە دواوە. واتە چی تر ناسنامەی کوردبوون لە ئێرانی بوون دا نابیندرێتەوەو کوردستانو کورد وەک یەکەیەکی جوغرافیایی لێک دانەبڕوا کە بەزۆر بەو وڵاتەوە لکێندراوە پیناسە دەکرێ.

بەلام هێشتا جەوهەری ئەو نووسینە وشک نەبۆتەوە، خالید عەزیزی لە دواین وتوویژی دا لەگەل بلاوکراوەی "میدیا" لە بێ کەڵک بوونی هەموو ئەو بابەتانە دەدوێ کە لەم کۆنگرەیە دا هێناویانەتە نێو بەرنامەکەیان.

"میدیا" لە عەزیزی دەپرسێ: لە گرتنی کۆنگرەتان بە زۆر لایەنی دیکەتان دەکوت ئێرانچی، ئایا لایەنگرانی پان ئێرانیزم نیگەران نین؟ ئەوە گۆڕینی سیاسەتە یان واز هێنانە لەو کوردایەتییە کە پیتان وابوو ئێوە دەکەینو خەڵکی دیکە نایکات.

عەزیزی: ئێرانچێتی یان کوردایەتی بە باوەڕی من لەسەردەمی ئێستادا زۆر باو نیەو لە جیی خۆیدا نییە. حیزبی سیاسی بەدوای جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆیدا دەگەڕێ، ئێمە پێڕەوپرگرامێکمان هەیە کۆنگرە پەسەندی کردووەو بۆ جێبەجێ کردنی نابێ خۆمان بخەینە نێو قۆناغی ئەو لێتێگەیشتنە (ئێرانچێتیو کوردایەتییانە). وتووێژی عەزیزی لەگەڵ "میدیا" ژمارە 420 ساڵی چوارەم)

ئایا خەڵکو ئەندامانو کادرەکانی ئەو حیزبە لە ڕێگای بەراورد کردنی هەموو ئەو وێنە دژبەیەکانە، چ وێنەیەکیان لە سیاسەت لا دروست دەبێ؟ لە لایەک لە بەرنامەکەیاندا بۆ کوردایەتی پتر چەمکی رۆژهەڵاتی کوردستان دێننە نێو ڕێبازی سیاسییانەوە، لە هێڵە گشتییەکانیش دا باس لە ڕەواندنەوەی ترسو خۆفی جیاوازیخوازیو وێک خستنەوەی خاکو نەتەوە دیتە ئاراوە. کەچی لە قەڵەمبازێک دا هەموو ئەوانە لەبیر دەچنەوەو دەکوترێ: کوردایەتیو ئێرانچێتی لەسەردەمی ئێستادا زۆر باو نیە. نابێ خۆمان بخەینە نێو ئەو لێتێگەیشتنە. (واتە ئێرانچێتیو کوردایەتی). یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو شێوە هەلسوکەوتە لێدانی زەبرێکی گورچووبڕە لە سیاسەت وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی. حزیبی سیاسی کاری ئەوە نیە تۆوی بێمتمانەییو بێباوەڕی لەنێو خەڵکدا بچێنیو وێنەیەکی فێلاویو تەڵەکەبازانە لە زەینی خەڵک بەرامبەر بە سیاسەت دروست بکا. حیزبی سیاسی بۆیە لەدایک نەبووە خەڵک لە سیاسەت بپرینگێنێتەوەو تووشی دوورەپەریزی سیاسییان بکات. بەپیچەوانە هەموو فەلسەفەی پێکهاتنی حێزبی سیاسی لەوە دایە خەلک لە پروسەی سیاسی دا پتر دلخۆش بکا. هەموو ئەوانەش لەپێش هەموو شتێک دا لە گرەوی ئەوە دایە حیزبی سیاسی لەگەڵ خەڵکی ولاتەکەی خۆی راستگۆ بێ و بە شیوەیەکی شەففاف لە ناسنامەی سیاسی خۆی بدوێو هەمو رۆژێ لە ڕێبازێکی ستراتیژیکی جیاواز نەدوێ. سیاسەت بە مانای دووڕووییو درۆ کردن نییە. زۆر جار بە هەڵە لەنێو کورددا ئەم جۆرە لە سیاسەت کردن دەبردرێتەوە سەر ئامۆژگارییەکانی ماکیاویلی. بەلام راستییەکە ئەوەیە تەنانەت لای ماکیاویلیش ئەخلاقو سیاسەت بەو رادەیە لێک دابڕاو نین. راستە لە خویندنەوەی ماکیاولی دا واقع لە ئەخلاق بە گرینگتر دەژمێردرێ. بەڵام ئەوەش هیچ بەو مانایە نیە سیاسەت بوارو رەهەندێکی ئەخلاقی بۆ نەبێ. ئەو فاکتانە نیشان دەدەن نوێخوازی، نویخوازان شتێکی تایبەتە، تایبەت بەو مانایە دەبێ وەک ئاشی ئاور رانەوەستیو لە جووڵە دابێ. وەک هەوای بەهاری هەر تاوێک بە جۆرێک بیگۆڕێ و هەر رۆژێک بە چەشنێک خۆی بەڕۆژ بکاتەوە. رەوتی ئەو خۆگۆڕینە جاری وایە هیندە لە نەکاوە، دۆست دەبێ بەدوژمن، دوژمن دەبێ بە دۆست. بڕیاردەری فەرمانی جیهاد بۆ کوردقڕان دەبێ بە ئیمام، دەکرێتە خوالیخۆشبوو. لەو نویبونەوە بەردەوامەدا کەرەتی واشە لە فەلسەفەی عیرفانو تەزکیەی ( پاقژیی روح) نەفسیش نزیک دەبنەوەو حەز ناکەن تەنانەت کۆماری ئیسلامییش بە دوژمن بزانن! کاتێک لە حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیدا کۆمەلێک بنەمای گرینگی فیکری بە سەقەتی لەدایک دەبن، کاتێک لە رۆژی یەکەمەوە پیناسەیەکی روونو کۆنکرێت لە نویخوازیو نوێبوونەوە نایەتە ئاراوەو تەنیا بیر لە ڕێکلامی سیاسی دەکرێتەوە، یەکەم ئاکامی ئەو کارە ئەوە دەبێ ئەم چەمکانە بەخێریی لە مانای راستەقینەی خۆیان بەتاڵ بکرێن، پاشان بە دەسکراوەیی هەر لەهەمان ئەم چەمکانە کەڵکی ئامرازییان لیوەربگیرێ. بەگوێرەی ئەو تیگیشتنە لە نوێخوازی تۆ دەتوانی بەگوێرەی سەعات لە بوونی ستراتیژییەکی جیاواز لەنێو حیزبەکەت دا بدویی. ئەگەر رۆژێک نوێخوازی لە یەکخستنەوەی خاکی کوردستانو رەواندنەوەی ترسو خۆف لە جیاوازیخوازی دا دەبیندرێتەوە، دەستەوازژەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەخرێتە نیو ئەدەبیاتو ڕێبازی ئەو حیزبەوە، لە چاوتروکانێکدا نوێخوازی بۆ بەندی 15 دادەشکیندرێو کوردایەتی تور هەڵدەدرێو بە عەقڵی سەردەم پینە دەکرێ.

## وێنەیەکی کاریکاتۆریی لە کۆماری کوردستان

یەکیکی دیکە لە هەنگاوەکانی کۆنگرەی ئەو لایەنە دروشمی دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان بوو. لە بیرو مێشکی کورد دا کاتێک باس لە دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان دەکرێ، دەستبەجێ ئەو کۆمارە دێتەوە بیر کە بە دەستی پێشەوا قازی محەممەد لە رۆژی دووی رێبەنداندا بنیات نرا. نویخوازان بۆ ئەوەی نیشانیان دابێ لە کۆنگرەکەیاندا نوێبوونەوەیان بە بنەمایەکی هەرە سەرەکی گرتووە، دەستیان دایە داهێنانێکی نوێ! ئەو داهێنانەش هێنانە ئارای دروشمی دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان بوو. لەم بارەیەوە لە بەرنامەی ئەو حیزبەدا هاتووە:" **ئامانجی ستراتیژیکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان لە ئێرانیکی دێمۆکراتو فیدرالو لە شێوەی کۆماری کوردستان دایە. یەکیەتیی دادخوازانەو دادپەروەرانە، بەردی بناغەی پیوەندی کۆماری کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە."**

وەک دەبینین لەلایەک باس لە هێنانە سەر کاری دەوڵەتێکی فیدراڵە بۆ هەموو پیکهاتەکانی ئێرانو یەک لەوان کوردیش، بەڵام لەلایەکی دیکە باس لە دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان لە چوارچیوەی ئێرانی فیدرال دا دەکرێ. وەک مۆدیلی کۆمارەکانی یەکیەتیی سوڤیەتی بەری کە لە کۆی گشتی تێکڕایان یەکەیەکی سیاسی بەناوی یەکێتی سوڤیەتی لێ دەکەوتەوە. لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە بە بەشداری هەردووک لای ئێستا کۆتایی بە کارەکانی هێنا لە ناوی هەرێمی کوردستان کەڵک وەردەگیرێ. بەڵام لە کۆنگرەی نوێخوازاندا ئەم دەستەواژەیەش نوێبوونەوە بەخۆیەوەی دەبینێ و لە جێگای "هەرێم"،"کۆماری کوردستان" بۆ بازاڕگەرمی دەدۆزرێتەوە. لە بەکارهێنانی ئەم ناوە دا بیرێکی ژیرانە دەوری بینی. نویخوازان بە هەڵبژاردنی ئەم ناوە عەوام هەڵخەڵەتێنە توانیان لە کورتخایەندا دوو مەبەسەتی خۆیان بە خێرایی بپێکن: یەکیان بۆ پیخوری کیبەرکی لەگەڵ حدکا واتە لایەنی بەرامبەر بوو. دووهەمیشیان بۆ بەدەستهێنانی جۆرێک رەوایی لەنێو بیروڕای گشتی کۆمەڵی کوردەواری بوو. نێوی کۆمار لە بیروڕای گشتی کۆمەڵی کوردەواریدا وەبیرهێنەرەوەی کۆماری کوردستانە. ئەم ناوە لە دوای تێپەڕبوونی پتر لە 64سال بەسەر ئەو رۆژگارەدا، ئیستاش بۆکورد ناوێکی هەژێنەرە. لەو رووەوە ئەگەر لە دەلاقەی ماڵی مەسڵەحەتو بەرژەوەندی نوێخوازانەوە لەو بریارە بروانین هەنگاوێکی دەسپێشخەرانە بووا بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی نەتەوەییەوە سەرنجی ئەو هەنگاوە بدەین، جگە لە بریارێکی چەواشەگەرانە ناتوانین ناوێکی دیکەی لەسەر دابنێین. ئەم بریارە هەم پیرۆزیی کۆماری کوردستانی خەوشەدار کردو هەم بە شیوەیەکی چەواشەگەرانە واقعییەتێکی مێژوویی حاشاهەڵنەگری بەپیچەوانە نیشان دا. لە تیئۆری سیاسییدا چەمکی سەروەری گرینگترین بنەمای دەولەتەو یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پی دەناسرێتەوە. بۆ گشت قەوارەیەک پرەنسیپی سەروەری دەسەلاتی باڵای دەوڵەت دەگەیەنێ لە بەجی گەیاندنی دەسەلاتی نیوخۆییو دەرەکییدا.لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانیش دا پرەنسیپی سەروەری لە هەر دووک ئاستدا بەتەواوی خۆیا بوو و چ جێگایەیک بۆ ئۆتۆریتەو دەسەڵاتو تەنانەت سێبەری دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لەئارادا نەبوو. لە میانەی ئەو باسەدا تا ئەو جیگایەی بۆ رووکاری دەرەوەی ئەو سەروەرییە دەگەڕایەوە، سەرقامگیری قەوارەکەو پاراستنی بەرژەوەندیی کوردی لە خۆگرتبوو. واتە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی و لە پیوەندییەکانی دەرەوەیدا، سەربەخۆ سیاسەتی خۆی دادەڕشت، بی ئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە دەسەلاتەکەی سنووردار کرابێ. بۆ پیگەیاندنی کادرو پسپۆری قەوارەکەی، گەنجو لاوی وڵاتەکەی سەربەخۆ رەوانەی وڵاتێکی دەرەوە دەکرد. لە سیاسەتی جیهانیدا لەسەر بنەمای ریزدانانی دوو لایەنە، دیپلۆماسییەکی کارای بەرێوە دەبردو پەیوەندی سەربەخۆی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە هەبوو. لەگەڵ حکومەتی میللی ئازەبایجان رێککەوتننامەی تەباییو هاوکاری مۆر دەکردو بە وێنەی سیستەمو نیزامێکی سیاسی_ حقووقی سەربەخۆ لەگەڵ

دنیای دەرەوە هەڵسوکەوتی دەکردو سەروەرییەکەی خۆی لە خانەی دەسەڵاتیکی ڕەهای بێسنووردا دەپاراست. بنەمای "ڕەها" لێرەدا پشتڕاستە بە مافی بێسنوور بۆ دەسەلاتداریێتیو حوکمرانییو پاراستنی سەربەخۆی قەوارەکە لە حاند دەستتیوەردانو هەڕەشەی دەرەکییدا.

ڕووکارێکی دیکەی ئەو سەروەرییە بۆ ئاستی نیوخۆی کۆمار دەگەڕایەوە، خۆی لە دانانی یاسا، حوکمرانییو داڕشتنی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتو دابین کردنی ئاسایشو پاراستنی مافو ئازادییەکانی دانیشتووانو شارومەندانی دا دەدیتەوە. لەم بوارانەشدا ڕادەی دەسەڵاتو جۆری بڕیارو یاساکانی گرێدراوی هیچ یەکەیەکی ساسیی تر نەبوو. بۆ وێنە ئەگەر لە خودموختاریدا سیاسەتی دەرەوە، پرۆژەی دریژخایانی ئابووریی، دیفاعی میللی،... لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن، لە کۆماری کوردستان دا کۆمار دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی خاوەنی هەموو ئەو دەسەلاتانەبوو. حکومەتی خودموختار کارگێڕێ نوینەرایەتیی ناوەندە و مافی سەربەخۆی بڕیاردانی نییەو لەو چوارچێوەیەدا باس لە سەروەریی نەتەوەیی نایەتە گۆڕێ، بەلام کۆماری کوردستان هیچ مافو دەسەلاتێکی لەخۆ دانەبڕیبوو بۆ ئەوەی حکومەتی ناوەندی بەڕێوەی بەرێ. خاڵی لیکجیاکەرەوەی کۆماری کوردستانو دەستپوختەکەی کۆنگرەی چاردەی ئەو حیزبەش ڕاست لیرەدایە. ماددەی سیزدەهەمی بەرنامەی نوێخوازان هەموو ئەو دەسەلاتانە بە دەوڵەتی فیدارڵ دەسپیریودەڵێ:" کاروباری پیوەندیی نێودەوڵەتی، دیفاعی میللی (سوپا) دانانی بەرنامەی درێژخایانی ئابووریو سیاستی دراویی لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی فیدرال دایە.پرسیار لیرەدا ئەوەیە ئەم دوو کۆمارە لە کوێدا وەک یەک دەچن؟ لە هەر ڕوویەوەکەوە لەو دوو دیمەنە بڕوانین ئەم دوو مودێلە بە تۆنێک سرێش و ماجوم پێکەوە نانووسێن. هەڵبژاردنی ناوی جمهوریی بۆ قەوارەی کۆمار بە مانای ڕەد کردنەوەی حاکمییەتی ئیران لە کوردستانو دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. کۆمار نە لە ئاکامی گفتوگۆ لەگەل تاران لەدایک ببوو و نە دەیتوانی لە چوارچیوەی نیزامیکی پادشایی دا جیگایەکی بۆ هەبوون هەبێ.هەر بۆیە یەک لایەنەو بەدەر لە شەرعیەتی سیاسیی تاران شیوەی نیزامی حکومەتی خۆی دیاری کرد. لە خۆڕا نەبوو ئالای دەولەتی داگیرکەر لە سەربانو دەزگا ئیدارییەکان دێنە خوارو لە جیگای ئەو ئالای نەتەوەیی خۆی دەچەقێنێ. هیزی چەکداری نەتەوەیی خۆی پیک دینێو یاسای میراتی داگیرکەر هەلدەوەشێنێو لە جێگای دا یاسای خۆی پەسند دەکا. ناوە فارسیو ناقۆڵاکانی مەکتەبو شوێنە گشتییەکان کران بە ناوی کوردی. بە کورتی بڵیین لە ماوەی ئەو 11 مانگەدا کۆمار هیچ دەسەلاتێک لەخۆی دانابڕێو هیچ شوێنەوارێکیش لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان دا ناهێڵێ. بەڵام لە کەیسی مۆدێلی کۆماری نویخوازاندا ئەوانە هەمووی بە پیچەوانەیە. سیاسەتی دەرەوە، پرۆژەی درێژخایەنی ئابووری، ئەرتەش... هەموو دەدرێتەوە بە ناوەند. لە ڕاستیدا ئەو کۆمارەی نوێخوازان لیی دەدوین هەمان ئۆتۆنۆمییەکەی ڕابردووە، بەلام بۆ پروپاگەندەی سیاسیی ناوی کۆماری لەسەر دادەندری. ئەوەی لەو کۆنگرەیەدا پەسند کراوە، دریژەی هەمان ئەو خەتەیە کە عەبدوڵلای حەسەنزادە لیرەو لەوی نوێنەرایەتی دەکا. وردبوونەوە لە بیروراکانی ناوبراویش دوو هەستی جیاواز بۆ مرۆڤ پیک دێنێ. لەلایەک سەرسامییو خەمو پەژارەیە بۆ ئەوەی کە کەسیک دوای عومرێ لە تیکۆشانی سیاسی دا هێشتا پەی بەوە نەبردووە قەوارەیەکی سیاسیی دەبێ چۆن ناس بکات. مەبەستم لیرەدا لا کردنەوە لە چەمکی سەروەرییە بۆ ناسینی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە حکومەتێکی خودموختاردا. ئایا هێنانەوەی شێعرێکی ڕەوانشاد مامۆستا حەقیقی دەتوانری پێوانە بێ بۆ پیناسەی کۆماری کوردستان؟ بەلام لە هەمان کاتدا ئینسان بزەیەکی دێتێ ئەو کاتەی ئەو چەند دێڕەی خوارەوەی لی دەخویندرێتەوە: لە مامۆستا پرسیار دەکرێ: دەگوترێ ئالای کوردستان جیاوازیی زۆر لەگەل ئالای تاران دا نەبووە، پێتان وا نییە ئەوە ئاماژەیەکی وابێت کە خولیای جیا بوونەوە کەمتر بوبێت؟ یاخود مێژووی دروست کردنی ئالای کوردستان کۆنتر بووە لە مێژووی کۆماری کوردستان؟ مامۆستا: لە بارەی ئاڵاکەوە تەنیا ئاڵای ئێرانو کوردستان نیە کە ئەو ڕەنگانەی تێدایە، ئالای ولاتی دیکەش هەیە ئەو سێ ڕەنگەی تێدا هەیە. بۆ نموونە ئالای ئیتالیا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دی لە

زەمانی سمکۆی شکاک دا ئەم ئالایە هەڵکراوە. پرسیار ئەو ئالایەی ئێستایە؟ مامۆستا: نەخێر، بەڵکوو ئەو سێ ڕەنگە هەبووەو هەروەها ئەو ڕەنگانانە لەگەڵ ئالای کوردستان دا سوورەکە لەسەرەوەیەو سەوزەکە لە خوارەوەیە. تەنانەت لە دادگادا یەکیک لەو تۆمەتانە کە ڕووبەڕووی پیشەوا قازی محەممەد دا کراوەتەوە گۆیا ئالای ئیرانی گۆڕیوە، محامییەکەشی دەڵێ: نەخێر نەیگۆڕیوە سێ ڕەنگەکە وەکوو خۆیەتی، موددعیالعموم دەڵێ: نا! جێگاکەی گۆڕیوە، پاشان محامیەکەی پێشەوا دەڵێ: لە قانووندا جیگای ڕەنگەکان روون نییە کە ئەو ڕەنگە لە کویدا بێت، بەڵکوو هەر ئەوەندە کوتراوە ئالای ئیران سی ڕەنگی سەوزو سپیو سوورە، لەبەر ئەوە قازی نکۆڵی لەوە نەکردوە لە چوارچێوەی ئیران دا داوای خودموختاری کردوە. (بڕوانە گفتوگۆی مامۆستا حەسەنزادە لەگەڵ بلاوکراوەی کۆمەڵ ژمارە 257 ڕیکەوتی 27ی 1ی 2007).

## دوایین وێستگەی گیرسانەوەی نوێخوازی

حەدیسی نوێخوازان لیرەدا برایەوەو ئەستیرەی بەختی نوێخوازان هەر توانی ئەوەندە بڕ بکات.

وتووێژەکەی خالید عەزیزی دوایین وێستگەی خستنە ڕووی نوێخوازیو عەقڵی ڕەخنەگرانەی سەردەمیانە بەو شێوەیە بوو. ئەگەر تا پیش ئەم وتوویژە دەکرا لەم حەشارگەیەدا بەگوێرەی قازانجی ڕۆژ عەقڵی ڕەخنەگرانە لە هەموو کەولێکدا وەبینی وتووێژەکەی عەزیزی ئەو قازانجەی هەبوو کۆتایی بەو عەوام هەڵخەلەتێنییە بێنێ و ڕۆمای ڕیبازی نوێخوازان لە بیچمو نێوەرۆکێکی کراوەدا خۆیا بکا. دووی خوردادیی‌یەکانی ئێران بۆ کات و ساتێکی وا دەستەواژەیەکی زۆر بەجێیان هەیە. ئەویش وشەی "شفافیت"ە کە لیرەدا دەتوانێ زۆر دەربڕی حاڵو هەوای نوێخوازان لە ئێستا دابێت. بە ئیلهام وەرگرتن لەو دەستەواژەیە بوو، عەزیزیش توانی لە حیزبەکەیدا ڕاشکاوانە لە دوایین مانای نوێخوازی عەقلی ڕەخنەگرانەی سەردەم بدوێ. بۆ وێنە سیاسەتی خۆتەحویل دانەوە، بە نیشانەی گۆڕانو نوێخوازی لە قەڵەم بدا. قەبووڵی تێزی بێدەرەتانیی کورد، بە سەردەمی هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێ لە مەجلیسی ئیسلامی پینەوپەڕۆ بکرێ. بەزاندنی هێڵە فیکریو سیاسیی‌یەکان، بە تەیاربوونی عەقڵی ڕەخنەگرانەو داهێنانی مەزن بناسێندرێ. بۆ مەسەلەی "شکاندنی ترس لە تۆمەتی جودابیخوازیو یەکگرتنەوەی خاکو نەتەوە"ش، بە هێنانی بەندی 15ی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی بۆ "هێڵە گشتی‌یەکانی ڕیبازی ئێمە" جێگۆڕکییان پێ بکرێ.

لە میانەی ئەم باسەدا هەروەک دەبیندرێ، خاڵی لیکجیاکەرەوەش هەیە لە نێوان چەشنی نویخوازی سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵاتو نوێخوازی لە خوێندنەوەی عەزیزی دا.

لە بیری عەزیزیی دا مەسەلەی کورد جیگایەکی سەربەخۆو قایم بە زاتی بۆ نیە.، کورد نابێ کێشەکەی لە کۆنسێپتگەلێکی وەک سەروەری نەتەوەییو دەسەڵاتداریتی نەتەوەیی دا بێێتە گۆڕێ. دوو فاکتۆر لەو خوێندنەوەیەی عەزیزی دا دەور دەبینن. یەکیان پارسەنگی هیزە، کە لە وتوویژەکانیدا بە ناوی واقیعبینی سیاسی زۆر یادی لێ دەکاتو من لە بەشی یەکەمی وتارەکەم دا بەگوێرەی پیویست هەڵویستەم لەسەر کردووەو لیرەدا لە دووپات کردنەوەی خۆدەپارێزم. فاکتۆری دووهەمی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئینتخابی سیاسی عەزیزی بۆ تیگەیشتنی لە چەمکی نەتەوەخوازی.هەموو دیاردەکان لەوە دەدوێن عەزیزی لە نیوان دو چەمکی ناسیۆنالیزمی کولتوریو ناسیونالیزمی سیاسی زۆرتر لایەنگری لە ناسیۆنالیزمێکی کولتوری پاسیڤ دەکات. ناسیۆنالیزمی کولتوری لیرەدا بەو مانایەیە کورد کیانێکی سەربەخۆی نەبێ، باس لە حاکمییەتو سەروەری نەتەوەیی نەهێنیتە گۆڕێ. لە جێگای ئەوانە وا باشە داوای کۆمەڵە مافیکی زمانیو کولتوری بکات. ئەم شتانەش هەروەک دەزانین لە یاسای بنچینەیی ئێران دا وەک بوونێکی کولتوری نەک سیاسی– حقووقی قبوول کراون، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنیان کەترخەمی کراوە!! هەوڵەکانی عەزیزیش بۆ ئەوەیە ئەم بیرە بە هۆی وتوویژی لەم چەشنەی وەک حەوتوونامەی "ڕووداو" لەو حیزبەدا سەردەست بکا. واتە ڕوانینەکە بۆ دۆزی

کورد شتێکە لە چەشنی خوێندنەوەکەی عەباسی وەلی "ناسیونالیزمی مەدەنی"و، پرۆژە ناوزڕاوەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری حەمیدرەزا جەلایی‌پور. هەڵبەت بەو جیاوازی‌یە پرۆژەکەی وەلی‌و جەلایی پور بۆ ئاسیمیلە کردنی کورد بنەمایەکی تیئۆریکیی بۆ دانراوەو لە قاوخی وتارێکی ئاکادمیکدا خراوەتە روو.

ناشارەزایی عەزیزی لەو چەمکانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی سەرەتایی‌و ساکار هەوڵی دەربڕینی بیروراکانی بدات. لە جێگای ئەوەی لە پێشدا هێنابێتی بەیانێکی تیۆریکی بۆ لە خشتە بردنی بزووتنەوەی کورد هێنابێتە گۆڕێ، بە شێوەیەکی "فیچەڵفاچ" لە دەوری روانگەکانیدا دەخولێتەوە. بەلام بە هەموو ئەوانەشەوە تایبەتمەندیی عەزیزی ئەوەیە بە شێوەیەکی "شفاف" و راشکاو لە روانگەکانی دەدوێ، نە کەس بەوە تاوانبار دەکا خراپو بە هەڵە لە روانگەکانی ئەو تێگەیونو نە پاشگەزبوونەوە لە بیروراکانی دەبینی. ئەگەر عەزیزی لەو ماوەیەدا دەرفەتی ئەوەی هەبا هێندێ تێخەڵەی زانیاریی خۆی بە باسەکانی وەلی‌و جەلایی پوور دەمەزرەد کردبایە، درگای لەسەر باسێکی زیندوو دەکردەوە.

## پێشینەی نوێخوازی لە بیری سیاسەتمەداری رۆژهەڵاتدا

ئەگەر لە خویندنەوەی مامۆستا عەزیزی دا نویخوازی خۆی لە کۆمەلێک تەوەری وەک بەندی 15ی یاسای بنچینەیی،" حیزبی مەدەنی"( دەسکردی نوێخوازانە و کەس نەبیستوو) مافی مەدەنی‌و خەباتی مەدەنی وەدەر دەخات، لە کەیسی نویخوازیی مامۆستا حەسەنزادە دا بۆ گەڕان بەدوای ولامیکی یەکلاکەرەوە خۆ لە بەردەم ئاستەنگی هەمە جۆردا دەبینینەوە. ئاستەنگی یەکەم ناشەففافییە لە نویخوازی‌دا، لە نوێ کردنەوەی بیری پیشەواو دوکتور قاسملوو هەروەها لە ناڕوونیی گەشە پیدانی بیری ئەو ریبەرانە. ئەو ناڕوونییەش دەکرێتە دەستمایەیەک بۆ جۆری سیاسەت کردن. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی تر ئاستەنگی گەورەتر لێرەدا ئەوەیە مامۆستا لە نوینەرایەتی کردنی بیری نوێخوازی کەسایەتییەکی بێ پیشینەیە. ئەگەر نویخوازی لیرەدا هاوتا بێ لەگەڵ هینانە ئارای کەشوهەوایەکی زەینی‌و فیکری لەبار کە لەودا هەلی دیالۆگو بیرورا برەخسی، ئەوە بە شاهدیی مێژوو بەشێک لە کاری ئەو لە حیزبو لە دەرەوەی حیزب بۆ لیدانی هەموو بیرێکی داهێنەرانەو بۆ شکاندنی هەموو قەڵەمو دەنگێکی جیاواز تەرخان کراوە. لە قامووسی ئەو دا نووسینو کاری فیکری قەت بوارێک نەبوو بۆ خۆنوی کردنەوە، بۆ بوار دان بە عەقڵی رەخنەگرانە، بۆ بیرورا گۆڕینەوەو بۆ خستنە رووی زانیاریی پتر، بۆ ورووژاندنی پرسیار، بۆ گەڕان بە دوای وڵامی ون، بۆ برەو دانی فرەچەشنی‌و جیابیری. ئەسڵ لە نووسین دا بۆ ئەو ئەوە بووە چۆن خەلک دەمکوت بکا، چۆن بە ریگای دزێوترین نێونیرتکە نەیاری سیاسیی خۆی لە مەیدان بەدەر بکات. موخالیفی سیاسی بۆ ئەو، دەستبەجی خراوەتە نێو خانەی دوژمنی قەستە سەرەوە. بە هەڵکەوتیش ڕێنەکەوت لەگەڵ کەسێک کەوتبێتە باسیکی سیاسییەوە، دەست بەجێ مۆرکی خائین بە گەلو حیزب جاشو دزو دەسپیسو بەکرێگیراوی لێنەدابێ. نویخوازی ریز کردنی چەند رستەیەکی دروشم ئاساو بریقەدار نیە. لیرەدا مەبەست لە نوێخوازی، مەبەست لە بوونی نەوعێک کولتوورە. کولتووری قەبوولی جیابیری‌و فرەچەشنی، کولتووری ریزدانان بۆ دربڕینی بیرورای جیاواز. کولتوورێکی لەم چەشنە شتیک نییە بە شەویک لە مرۆڤێکدا لەدایک بێ. ئەمە پرۆسەیەکی دریژخایەنەو فەزایەکی فیکری‌و سیاسی تایبەتی گەرەکە. ئەم کولتوورە چۆن دەتوانێ یەکشەوە لە دوای لەت بوونی حیزبێک لەگەل کەسێک لەدایک بێ. نابێ پێشتر بڕۆکەیەک رەچەی بۆ شکابێ؟ نابێ پێشتر پێشینەیەکی لە دیفاع لە مافی رەخنەگرێکی لێ دیترابێ؟

– لە بەرامبەر نووسینی بیرەوەرییەکانی رەوانشاد کەریمی حیسامی دا بە جیگای ئەوەی هەول بدا خۆ بۆ باسێکی مێژوویی ئامادە بکا، بۆ ئەوەی نەسلی ئیستای کورد شتیکی لیوە فیر بێ، پەنای بۆ چەکێکی ژەنگاوی برد. لە چەند دێڕ دا بە سیخوڕو دز، دەسپیسو دەسبڕی ناو بردو کۆتایی بە هەموو باسێکی میژوویی هێنا!

_ کاک مستەفای شەڵماشی کاتێک لە گەورەدێ بڕیاری هاتنە دەرەوەی دا، وتاری زستان دەرواو رووڕەشی بە زستان دەمینێی لەسەر نوسی‌و خەلاتی بەزیوە بەڕێزەکانی پی بەخشی.

_ چەند ساڵ لەمەوبەر کاتی گۆرانی کوڕی کاک جەلیلی گادانی دێتە دەرەوە بە ئاشکراو لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا وشەی جاشی بۆ بەکار هێنا.

_ بە هۆی دوکتور قاسملووەوە کاناڵیک دەکرێتەوە بۆ ئەوەی پێشمەرگەی کەم ئەندامی حیزب بنێردرێنە دەرەوە، لەو نامەیەی خوارەوەدا سیاسەتمەداری چین و ماچین، بابی دوکتور قاسملووش لە جنێو نابوێرێ. فەرموو لەم بەشەش دا لە" کولتوری دەوڵەمەندی سیاسەتمەداری چین و ماچین"

برای خۆشەویستم کاک محەممەدی حەسەنپوور!

پاش سلاو و دۆعاخوینی، وا دیارە ئەمسال (راهیانی کەربەلا)مان زۆرن. ئیستا نۆرە گەیوەتە کاک حوسێن فەقی عەلی، تکایە هەر ئەو فۆرمە کە تا ئیستا نووسیوتانە بۆ ویش بنووسە، با نۆش بێتە سەر دەی، لەعنەت لە بابی ئەوەی یەکەم جار ئەو دووکانەی کردەوە!

براتان عەبدولا . بڕوانە وتاری" ئینشعابەکانی نێو ریزەکانی حدکا، هۆو و ئاکامەکانی نووسینی تەیمور /30/10/ 1385 ئارشیوی سایتی پێشمەرگەکان:

_ چەند ساڵ لەمەوبەر قەرەنی قادری زمانی سووتاو بابەتیکی زۆر ئاسایی لەسەر کۆتایی کۆنگرەی حیزب نووسی. لە وتارەکەدا کوترابوو کۆنگرەکە زۆریش سەرکەوتو نەبووە... کەچی ئەو نوێخوازە تاقەتی نەهێناو وتاری شەڕەدوندوکە پیرۆزی خۆتان بێ لەسەر نوسی. لیرەش لە خەزینەی دەولەمەدنی خۆی کەڵکی وەرگرتو ناوی بەکرێگیراوی بێ خەلات و بەراتی لەسەر داناو دواتر لایەنگرەکانی سیاسەتمەدار بە وتەی قەرەنی قادریی بە قورمساق ناودێریان کرد.

ئەو نویخوازە کە لە نووسراوەکانی دا نازناویکی قەبەی وەک سیسەتمەداری رۆژهەلاتی بۆ خۆی داناوە لە کیی بەو ستیلە نەداوە؟ کێ توانیویەتی لە جنێو و بوختانی ئەو بە ئاسانی رزگاری بێ؟ کەسێک بووە رەخنەیەکی لەو حیزبە گرتبێ، بە جاش و بەکرێگراو خۆفرۆشو بەزیو دەسپیسو دەستبڕ، نەیناساندبێ؟ کەس بوە توانیبێتی بە پەنای ئەو دا تێپەڕێ پەلاماریکی تێنەگیرابێ؟ کەرامەتی بریندار نەکرابێ. لەسەردەمی دەسەڵاتداریتی ستالین نەیارانی سیاسی بە جەستە ئەشکەنجە دەدران. بەلام موخالیفینی سیاسی حەسەنزادە جنێوباران دەکرێن. کاتێک لەسەرو بەندی لەتبوونی حیزبی دێمۆکراتدا جاریکی دیکە قەرەنی قادری لە وتاریک دا هەموو ئەو سووکایەتیانەی بۆ خاوەن مەتڵەب ناردەوە، بەراستی ئەو کاتە توانیم بە تەواوی هەست بە ئازارەکانی ناخی ئەو چەند ساڵەی ئەو مرۆڤە بکەم.فرهاوێژیی و لاتاوو پێدادان و قەلەم شکاندن و تۆمەتبارکردن تا گەیشتە حەسەن ئەیوبزادە(ناسراو بە مامۆستا گۆران) دەوامی کرد. بەلام لەوە بەدواوە هەموو شت گۆڕا. دێواری قەڵای باستیلی نهێنییەکانی سیاسەتمەداری رۆژهەڵات کەلەبەری تێکەوت و تیتۆڵ و بزگوڕی داوەڵی شانازییکانی سیاسەتمەدار بە ئاگری شەمی قامکەکانی حەسەن ئەیوبزادە سووتان و ڕەشەبای ژینی هەرمۆتە و کەرتکردنی حیزبی لە نەفەس کەوتوو و وەباڵی ماڵوێرانکراوانی حیزب چێغ و چادری ئێعتیباری ریکلامیی حەسەنزادەی ڕاماڵی.

چوار سال لەمەو بەر بە بۆنەی شەستەمین سالرۆژی کۆماری کوردستانەوە وتاریک لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حدکاوە بلاو کرایەوە کە تێیدا باسی لە بێ متمانەیی پێشەوا قازی بەخۆی کرابوو. مامۆستا گۆران لە وتاریک دا ئەو هەڵوێستەی کومیتەی ناوەندیی بە هەق خستبووە بەر رەخنە. مەلا عەبدوڵلا کە ویستبووی لەسەر بەرپرسایەتیی هاوریکانی و بێ ئیزنی ئەوان ژاری خۆی بۆ پێشەوا برێژێ، دوای وتاری ناوبرا لە لایەن کومیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسییەوە خرابووە ژێرگوشار. چونکە کومیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی حازر نەبوون رێگابدەن مەلاعەبدوڵلا ئەو وتارەی لە( کوردستان ئۆرگانی حیزبدا چاپ بکرێ. هەر وەها د.س نەیویستبوو ئەو زێدە گوییە دژ بە پێشەوا بپەژرێنێ. لە ئاکامدا مەلا عەبدوڵلا ناچار بووبە ناوێ خۆیەوە وتاریک بنووسی و بە عادەتی خۆی هێرشی کردبووە سەر مامۆستا گۆران و بە خولقێنەری شەری

برایەتیی و رووخێنەری داروپەردووی حیزب تاوانبار کردبوو. لە وڵامدانەوەی ژێربێژانەی لایەنەکەیدا ماموستا گۆرانی بە "خەبەر خۆش و ئاگادار و پیاوی ئەمریکا ناوی برد بوو.

بەڵام کاتێک کە لەبەرامبەری قەڵەمی پارێزەری مافی سەدان تێرۆرکراوی گەل و بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ماموستا گۆران شیرو تیر و قەڵغانی فرێدا، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو و هەژاریی فکریی بە ڕادەیەک داکشا کە بۆخۆی و ئاسۆی کوڕی پەنایان بردە بەر کەسانێکی دیکە و لە ژێر ناوو ناسناوی ئەوان وتاری پڕلە ناوو ناتۆرەیان نووسی.

ماموستا گۆران لە دوای عومرێک خەبات بۆکورد و دانی برایەکی شەهید و دنیایەک نووسین و دامەزراندنی سیستمێکی قەزایی بۆ ئەوحیزبە، لە لایەن مەلا عەبدوللاوە بە پیاوی کۆماری ئیسلامیی و جیرەوەرگری مستەفای هیجری پێناسەکرا.

کەسایەتی ماموستا گۆران پێویستی بە دیفاعی من نییە. رابردوو کارنامەی هەرکەس دیارە. هەرکەس هاوردە و بردەی دیارە. با سیاسەتمەداری رۆژهەڵات رێگابدا ، کۆرێکی نوێخواز لە هاوکارانی خۆی، لە هاوردە و بردەی ماموستا گۆران و خۆی بکۆڵنەوە. ئەوکات بە باشی دەردەکەوێ کێ چەندی هێناوە و کێ چی بردووە.

ئەوە خەلکی کوردستان و ئەندامانی حیزب وبنەماڵەی شەهیدانە کە دەبێ داوەری لەسەر ئەوکەسانە بکەن کە بە راستیی ئەرکیی ویژدانیی خۆیان بەکارهێناوە و حیسابیان پاکە. ئەوکارنامەیە دەبی رۆژێک بخرێتە بەرچاوی هەموان.

لە بەدبەختی کورد ئەو زمانو قەلەمەش هەر بە تەنیا بۆ کوردو گیانی کەسایەتییەکانی ئینسانی کوردە. کێ تا ئیستا دیتویەتی ئەو ماموستا نویخوازە بە راوێژو بە ستیلێکی وا لەگەڵ ناسیۆنالیستێکی فرەخوازی فارس کەوتبێتە ململانەوە؟ لە وتووێژی "سیاسەتمەداری رۆژهەڵات" لەگەڵ عیرفان قانعی فەردا ئینسان بە تەواوی هەست بەو دوو ئەخلاقە سیاسییە دەکات. بروانە ئەو مەراییکردنە!.. ما مخالف و دشمن جمهوری اسلامی که نیستیم! ما فقط مخالف سیاست آن هستیم... در همان حال نکته‌ای ادبی گفتم که امام انسانی پاک و مرتب است و ما مشکلی هم با حضرت امام نداریم، ما فقط مخالف سیاست آن هستیم... بدا به احوال کسی از کشوری خارجی بخواهد که وطنش را برایش اشغال کند و حکومتش را تغییر دهد! من هنوز کشور عراق را میبینم و هرگز حاضر نیستم که چنین فاجعه و بلایی بر سر کشورم بیاید. وطنم ایران به چنین حال و روزی مانند عراق بیافتد! هیچ وقت ما کردها و حزبهای کردی به تجزیه و جدا شدن از ایران و وطنمان اعتقاد نداشته و نداریم، آخر با این طرز تفکر کودکانه که مثلا یک یا چند استان را از ایران جدا کنیم که چه بشود؟ مردم جهان را به تماشای کودک باوری خود فرا بخوانیم؟ ... کردها، بلوچها و ترکها ... ***نمیخواهند که سرزمینی در حصار و کوچک و فقیر را انتخاب کنند***، هرگز. ***چون وطنی بزرگ و قدرتمند داریم، اقتصاد ارتش و سیاست داریم.***

عیرفانی قانعی فەرد: حرفهای شما خیلی باز و بیپرده است و در واقع دری را گشوده‌اید پس چرا حکومت حرف شما را نمیشنوند و هنوز سوء تفاهم دارد؟

حسنزادە: این حرفها حرفهای من نیست. این سخنان معلم و مراد من قاضی محمد است که او گفت ما هرگز از ایران جدا نشده و نمیشویم... در باره مسائل سیاسی نیز باورم بر این است که ما متعلق به دوران دیگر هستیم. دور و زمانه امروز دوران دیگر است، بسیار واقعبینانه معتقدم که بگذاریم مردم حزب دمکرارت را آنگونه میخواهند از نو بسازند و بنایش کنند (وەک وتووێژەکەی خالید عەزیزی) و این عقیده‌ام را بارها اعلام کرده و در جشن نوروز امسال هم رسما گفته‌ام. این حزب به خون تازه احتیاج دارد، باید نو شود. آنهایی که منفعتشان در نو کردن است، بیایند و آنگونه که دوست دارند این حزب را نو کنند و بسازند.

دریژەی دەبێ

2010/2/1